برای بەڕێز و خۆشەویست کاک عومەر فارس

مەهدی خالید خەمبار

# کوژانەوەی حەوتەمین مۆمی تەمەنتان پیرۆز

لەم بۆنەیەدا کە سایتەکەتان 7 ساڵی پڕ لە خەباتی نەپساوە و شەونەخونی و بەربەرەکانی و گەیاندنی دەنگەکان و لابردنی دەمامک و شکاندنی قفلێ ژەنگرتوی دەرگای دەیان ساڵەی وشە باڵ هەڵکروزاوەکانی نێو قەفەسی سانسۆر و هەڵماڵینی پەردە لە سەر ڕاستەکان و بازدان بە سەر درکەزی سنورە دەسکردەکان و کێبڕکێ لە سەر زوتر گەیاندنی هەواڵ و باس و خواسەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوە و هەڵوێست وەرگرتن لە بارەیانەوە و بە ئامەت گەیاندن و بەرز برخاندنی کێشەهو ئاریشەکان چ وەک و تاک یاخود کۆمەڵ بە لایەنە پەیوەندی دارەکان و خوێنەرانی سایتی کوردستان نێت ، بە واتایەکی تر بونی کوردستان نێت بە پردی نێوان دەرەوە و ناوەوەی وڵات ، جەماوەر و لایەنەکان ، تاوان لێ کراو و تاوان بار . زۆری دەوێت بنوسرێت ، بەڵام با مشتێک لە خەرواری پیرۆز بایی و ستایش کردن بەسبێت بۆ ئەم بۆنەیە .

من ئەمجارەش هەم داوا لە خۆمان وەکو نوسەران و هەمیش لە ماندو نەناسانی ئامادەکەران و ڕێکخەرانی ئەم سایتە خزمەت بەخشە دەکەم ، با بە هەڵە دیمکراسی شی نەکەینەوە و بە کاری نەبەین ! با ئەم دەرفەتە کە لە پازدە بیست ساڵی ڕابردودا ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە خەون بوو ! دەکرێت کەمێک زیاتر بگەڕێمەوە بۆ ڕابردو دەتوانین بڵێین کە لە خەونیشدا شتی وامان نەدەبینی ، جا بۆ ئێمە لە ژێر چەتری دیمکراسی و ئازادی دەربڕیندا سەرو گوێلاکی یەکتر بکوتینەوە ، بۆ ئەم بوارەی ڕاگەیاندن بکەین بە گۆڕەپانی تاودان و لغاو بەردانی ئەسپی جنێو و دژبەرایەتی تاک و لایەن و حیزب و سەرکردە کوردیەکانی ئەمڕۆ گۆڕەپانەکە ، کە هەموشمان بە خودی نوسەرەکەشەوە ئەوە باش دەزانێت کە ئەو نوسینە هەرەشە ئامێز و لێواو لێو لە جنێوە لە لایەکەوە وەک دیاردەیەک کە لەگەڵ شارستانیەت و پێشکەوتندا نەک هەر یەک ناگرنەوە ، بەڵکو لەکەداریشیان دەکات ، هەمان کاتیش تۆسقاڵێک کاریگەری بە ئاراستەی ئەرێنی نابێت !

دەگێڕنەوە خێزانێک کوڕێکی زۆر گەمژەیان دەبێت ، ئەمە هەم خودی خێزانەکەیانی هەراسان کردبو هەم بۆ خزمانێشی جێگای دڵتەنگی دەبێت ، پاش یەوەی باوکێ کورە کۆچی دوایی دەکات و دەمرێت ، خزمە نزیکەکانی ئەم کورە بانگی دەکەن تا هەندێک ڕێنمایی بکەن بەڵکو ئامۆژگاریەکانیانی بچێت بە گوێدا ،

دەڵێن کوڕم ئێستا ئەوا بابت عەمری خوای کرد ، تۆ هەم لە گەڵ دایکت دەبێت باشێت ، هەمیش کە چویتە ناو کۆڕی دانیشتنی خەڵکەوە دەبێت قسەی زل بکەیت و عەقڵی مناڵیت دەبێ فڕێ بدەیت .

لە وەڵامدا بەڵێنیان دەدات کە ئامۆژگاریەکانیان لە گوێ بگرێت .

ڕۆژێک خزمانی لە کاتی چونیان بۆ پرسەیەک ئەم لە گەڵ خۆیان دەبەن ، ئەویش پاش کەمێک دەست دەکات بە قسە کردن ، دەڵێت ( ئاسمان ، زەوی ، دەریا ) ! خزمەکانی پێیی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەڵێن ئەوە ئەو قسە هەلەق و بەلەقانە چین تۆ دەیکەیت ، ئەویش دەڵێت ئەدی ئێوە بە منتان نەگوت قسەی گەورە بکەم ، لەوانەم گەورەتر نەدۆزیەوە تا بیکەم .
جا ئێمەش بە تایبەتی ئەوانەی زمانیان بە جنێو پژاوە ، ج جیاوازیەکیان لە گەڵ ئەم کوڕە دەبێت هەبێت ، وتمان ئەوە دەرگای ئازادی بۆ قەڵەمەکان خرایە سەر پشت ! ئەوە لە ڕابردودا زمانی نوسەرەکە و خامەکەی لە سەر چرپاندنێک پێکەوە لە بندا دەبڕان ! ئەمڕۆکە ئازادێت و لە پێشی کۆمپیتەرێکەوە هەرچیت بوێت بێ باج دەری دەبڕێت و دەینوسێت ، کورەکەش کەسوکارەکەی پێیان گوت ئەوە بابت نەما ، واتە لێرەوە هەست بە ئازادی و دەست نەخستنە ڕێیەک دەکات و گوایە خزمانی حیسابی بۆ دەکەن و ئەویش ویستی لە پای ئەم گۆڕانکاریەدا خۆی نیشان بدات و بڵێ خەڵکینە منیش هەم ! جا هێژایان ئەمان لە جیاتی قسە زەبەلاحەکان ، ئەوەتا بە جنێوە ڕوزەردەکانیانی ناخی خۆیان و قەڵەمە دەستەمۆ کراوەکانیان لە بەها و ئەرزشی ئەم سایتە و سایتەکانی تر و میدیاکان لە لایەک کەم بکەنەوە و لە لایەکێش بۆ خۆیان بیکەن بە گۆڕەپانی تەراتێنی خۆیان و سەر و گوێلاک شکاندنی خەڵکان و لایەن و کەسایەتیەکانی تری کورد ( نەک دوژمنانی کورد ) .
من ناڵێم دەرگای ڕەخنە گرتن لە کەس و حیزب و لایەن و سەرکردە و کۆڕ و کۆمەڵەکان کلۆم بدرێت و کەس بۆی نەبێت لە ئاستیان بڵێت لەل ! بەڵام ئێمە ئەگەر خۆمان بە خەمخوار و دڵسۆزی گەل و نەتەوەکەمان و ئایندەی دەزانین ، پێویستە لە چوارچێوە بابەتیهکەدا ڕەحنەکانمان لە پاشا و گەدا بگرین و ئەو کات دەتوانین کەس و لایەنی ڕەخنە لێ گیراو بهێنینە سەر چۆك نەک بە جنێودان کە ئاکامەکەی تێکەڵ و پێکەڵ کردنی ڕاستیەکان لە گەڵ ناڕاستەکانی لێ دەکەوێتەوە .
دەبێت بڕوای تەواومان بەوە هەبێت کە کەسێک نیە لە ژیانیدا توشی هەڵە نەهاتبێت و نەیات ، بەڵام نابێت بەو جۆرە سەرکۆنە و سەرزەنشت و سەرکوێر بکرێت .
لە کۆتاییدا سەرباری دوبارە کردنەوەی پیرۆزبایی گەمم لە کاک عومەر فارس و هەموو ئەوانەی هاوکاری دەکەن و هەموو ئەو خاوەن قەڵەمە بەبڕشتانەی کە لە گەڵ خۆشی و ناخۆشی و یزار و مەینەتیەکانی گەلەکەماندا دەژێن و ساتەکانی پشو دانیان دەگۆڕنەوە بە دەست لەمل کردنی خامەکانیان و دوگمەی پیتەکانی کۆمپیوتەرەکانیان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەیەکی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی ، ڕۆشنبیری و کولتوری دەدۆزنەوە یان هەوڵ دەدەن وەڵامێکی پڕ بە پێست و گورچکبڕ بۆ نوسین و هێرشی ئەو لایەن و خەڵکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی ، تورکی ، فارسی یان هەرکەسێکی تر کە لە سەر وەتەری ئەوانە کاربکات .
تکایە با هەمومان هەوڵ بدەین خۆمان لە جنێودان و هێرش کردنە سەر کەسایەتی یەکتر و پەلامار و خەنجەر لە پشتەوە لە یەکتر دان بپارێزین ! با دەست بەرداری ئەو سیما قێزەوەن و ناشارستانیە بین ، بەڵکو دەپەرژێینە سەر ڕەنە گرتن لەو هەمو هەڵە و کەماسیە زۆر و زەوەنەی کە پێویستیان بە ڕەخنە لێ گرتن و هەڵوێستە کردن هەیە لە سەریان !
هیوادارم هیچ کەس خوێندنەوەی هەڵەی بۆ ئەم نوسینە نەبێت مەبەستی من هیچ کەسێک بە ناو زەد کردن نیە و لە ناو چوارچێوەی گشتیدا ئەم بابەتەم نوسیوە و مەبەستیشم لە ئامۆژگاری کردنی کەس نیە تەنها داوا و سرنجن و ئومێد دەکەم لە جەژنی 8 ساڵەی کوردستان نێت دا پێویستمان بە نوسینی ئەم پێسنیار و داواکاریانە نابێت .

mehdi.xembar@24.fi

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com